# کاک حەمە سەعید شارەزووری !
# لە پێناو چی فتنە دەگێڕێت؟

عەبدولموئمین دەشتی
09.02.2007
بەرلین



خۆزگە دەزگاگانی ڕاگەیاندن، لەوانە ماڵپەڕە دیمۆکراسیخوازەکانیش سیمای دیمۆکراسییان لەکەدار نەدەکردو بە ناوی دیمۆکراسی فتنەنامەو فیتەی ئەهریمەنانەیان بڵاونەدەکردەوە!

ئەمرۆ هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد دڵیان بەوە خۆشە کە هاوئاهەنگی و هاوکارییەک لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە نێوان پارتەکانی کوردستان و هەردوو زلپارتیش بەدی دەکرێت. وە بە ڕێکەوتی هەموو لا ئەمرۆ بەرێزان: تالەبانی سەرۆک کۆماری عێراقە، کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمە، کاک نێچیروان سەرۆک حوکمەتە...هتد. دۆست و ئەندامانی هەردوو حیزب بەرێز مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێم دەناسن و شانازی پێوە دەکەن، بۆ ئەوانەی تریش هەر ئاوا... ئەم تەبایی و هاوئاهەنگییە سەرەرای هەموو گرفت و کەم و کورتییەکان ئاواتی دێرینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

بە پێچەوانەش ئەوانەی فلچکیان بە دژایەتی گەل و نیشتمانەکەیان گرتووە، ئەم تەباییە ئازاریان دەدات و هەوڵی فتنەگێڕی و ئاژاوە نانەوەن. دەیانەوێت دیسان گۆمەکە لێل بکەن بۆ ئەوەی بە مەرامی خۆیان مەلەی تێدا بکەن،
بە داخەوە نووسینەکەی کاک حەمە شارەزووری لە ماڵپەڕی کوردستان نێت لە ڕۆژی 09.02.2007 لە ژێر ناوی: "بارزانی نەبووایە... هەڵەبجە بە دەردی سەددام دەچوو" دەکەوێتە خانەی ئەو فتنەگێڕانە، دەنا سوودی چیە ئا لە سەردەمی

ئەو تەبابیە (کە هێشتان تەواو نەکراوە) باس لەوە بکات، کە گوایە یەکێتییەکان دڵیان تەقیوە بەوەی کە بەرێز بارزانی چۆتە هەلەبجەو پێشوازی گەرمی لێ کراوە. ئەرێ برا چۆن دڵی ئەو هەزاران خەڵکەت خوێندەوە؟ ئەوە دڵی خۆتە خووندووتەوە، نەک هی هەزران....

کاک حەمە! (هیوادارم، ناوەکەت وەهمی نەبێت و هی خۆت بێت) نیشتمانپەروەران، ئەندامانی یەکیتیی بن یان هی پارتی، ئێستا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئازاد تەمەشای کاک مەسعوود دەکەن، وە زۆریش دڵیان پێ خۆشەو شانازی پێوە دەکەن. کاک مەسعوود تا ئەو پایەی هەبێت چی تر سەرۆکی پارت نیە، سەرۆکی هەموو خەڵکی هەرێمە باش و خراپ، وە بە زۆریش خۆی نەسەپاندووە تا یەکێتییەکان بەمە دڵیان بتەقێت وەک جەنابت ئەو بالۆرە فتنەگێڕییە دەگێڕیت، کاک مەسعوود بە ڕێکەوت و ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان ئەو پایە سیاسییەی پێ دراوە. بۆیە جەنابت کە بە ناوی خەڵکی قارەمانی هەلەبجە دەئاخاویت، هەلە دەکەیت و کەس گوێ لەم بۆچوونانەت ناگرێت و ئەو بۆچوونانە تەنها مۆری ڕەتکردنەوەو شەرمەزارییان لێ دەدرێت.

کاک حەمە،
باشترە دوو قسەی مەسلەحەت بکەیت و لە ناو ڕێزەکانی گەل ڕۆلی بەکر مەرگەوەڕ نەگێڕیت، چونکە کەس ئەم کوتاڵە عەمبارسۆتەت لێ ناکڕێت و دۆست و ئەندامانی نیشتمانپەروەری هیچ لایەک بەم زوڕنای فتنەیەت ناکەونە سەما. جێگەی داخێشە کە هێشتان بیری وا چرووک لە ناوماندا ماوە، بەڵام کورد ڕاستی فەرمووە چەم بێ چەقەڵ نابێت!